## له دوای ساردبوونەوەی خەڵك و دەسەڵات...

# خۆپیشاندانەکە کێ کردی؟ بۆ کرا..



**هیوا محمەد**
hiwaazady@yahoo.com

له دوای ئەوەی خەڵك و دەسەڵات ساردبوونەوەیان پێوە دیاره له سەر مەسەلە گشتیەکان، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی پێمان نەڵێین دەستیان هەیە لە ئاژاوەگێڕی ئەمەم نووسی، مەبەستیشم قسە کردنە لە سەر خۆپیشاندنەکان و بە تایبەتی ئەوەی کفری، ئەو خۆپیشاندانەی کە کرا نەبۆ رووخانی دەسەلاّت بوو، نە دژی ئایدیا و فەلسەفەی حزبی بوو، بەلاّم زەنگێك بۆ ئەو دەسەلاّتەی کە بیری لە خەڵکی خۆی نەکردووەتەوە بە پێی پێویست، مەبەستم ئەو کەسانەیە کە پەسەندییان کرد حکومڕانی بکات، پرسیاری کێ کردی و بۆ کرا؟ ئەرکی حکومەتە باسی بکات بۆ خەڵك، پێش ئەوەی خەڵك بڵێت بۆ ئەوە کردمان، ئەمەیش بۆ ئەوەی هەموو کەسێك وەلاّمەکەی بزانێ، کێ کردی و بۆچی کرا؟ جگە لەوەیش بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی راستەقینەی ئەو مەسەلەیە هەم بۆ حکومەت و هەمیش بۆ خەڵك روون بێت، ئەو خوێندنەوەیش دەبێت بە شێوەیکی واقعیانە و بێ لایەنانەیش خوێندنەوەکە بکرێ، بۆ ئەوەی وەلاّمی ئەو پرسیارانەی کە پێویستە خەڵك شتەکان بزانێ، نەك بۆ ئەوەی خۆڵ بکرێتە چاوی ئەوانەی لە شاری کفریەوە دوورن، یان ئەوانەی حەز دەکەن راستی ئەوە بزانن کە خەڵکی کفری بۆ چی خۆپیشاندانیان کرد، هەروەها خەڵکیش ئەو ناو ناتۆرانەی بەر نەکەوێ کە دەسەلاّت لە بێدەسەلاّتی و بێ وەلاّمی بەکاری دەهێنێ، ئێمە ئەزانین کە کفری یەکێکە لەو شارانەی کە زۆر پەراوێزخراوە لە هەموو بوارەکانی ژیان. هەرچ شتێکیش کرابێ بۆ کەمکردنەوەی ئەو پەراوێزخراویەی ئەوەندەی تری پێویستە. زۆر شت ووتراوە لە سەر ئەوەی کە دەکرێ و نەکراوە. ئەوەندە بەرپرس هاتە کفری و بە ئەوانەیشەوە کە خەڵکی کفرین، بە قەد ئەوەی وەعدیان داوە ئەوەندەییان نەکردووە. من دەپرسم خەڵك چۆن لێکدانەوەی بۆ بکات بەرای ئێوە؟ ئەوەی لە کفری کرا، خۆپیشاندانی راستەقینەی خەڵك بوو، هیچێکیش لەو حزبانەی کە دەسەلاّت بە کەم و زۆر ناویان دەبات بەشدار نەبوون لە ئەنجامدانی، ئەو حزبانەیش ناتوانن بڵێن ئێمە کردمان، نەك ئەمڕۆ بەڵکو چەند ساڵێکی تریش، نموونەیش بۆ ئەوە، گیراوەکانە بە بێ بریار گیران کەس نەبوو خۆی بکاتە خاوەنیان، سەرەتایی خۆپیشاندانەکەیش لە بەردەم هیچێك لەو بارەگانەوە دەستی پێنەکرد، دروشمی هیچێك لەو حزبانە نە ئەبینرا و نەئەوترایەوە، کەسی حزبی قسە زلیان لە گەڵدا نەبوو، لافیتەیەك بنووسی، بڵێت با کارباو خزمەتگوزاریەکانی شار بۆ هاولاّتیان فەراهەم بکرێ، لە بەردەم خەڵکداو لەولایشەوە بڵێت پێویستە خەڵك بە پێ بارودۆخ داواکاری هەبێت، هەندێ شتی تریش ئێوە پەی پێدەبەن، پێویست ناکات قسەی زیاتری لە سەر بکەم. دووبارە دەڵێم و زۆریش دڵنیام لەوەی کە دەیڵێم، ئەوانەی کە خۆپیشاندانیان کرد خەڵکی راستەقینەی ئەم شارە بوون، لە خۆشەویستیان بۆ خاك و منداڵی ئەو شارە کردیان، بۆیە پێم سەیرە! وهەندێ جاریش پێم ناخۆشە لە هەندێ شوێن وهەندێ کات دەبیستم، دەڵێن خوپیشاندەران منداڵ وهەرزەکانی شار بووە، پیاوێکی ماقوڵی تیدا نەبووە! من دەڵێم زۆرم پێ سەیرە کە دەڵێن منداڵ، چونکە نازانم لە خۆیان ناپرسن کارەبا نەبوون، گەرمای تەمموز و ئاب منداڵ و گەورە ئەزانێ؟ یان ئەوانەی منداڵان چییان جیاوازە لە گەڵ گەورەکاندا، تاکەی ولاّتی پیاو ماقوڵ و گەورەکان بێت ئەی گەنجە راستەقینەکان، ئەوانەی خۆپیشاندان کرد، برای من وتۆ و ئەوانی ترە کە دەهۆڵ زوڕنای هەڵبژاردن و دەرچوونی لیستی هاوپەیمانی و یەکبوونی حکومەتیان لێ ئەدا ئەوانە کردیان؟ بۆ ئەمانەیش کرا کە هەوڵ ئەدەم ئەگەر بتوانم بە تەواوی باسی دەکەم، من هەوڵ ئەدەم ئەو شتانەی پەنجەی بۆ درێژ ناکەن بە هەر هۆیەك بێت باسی بکەم. ئەوەی کرا حەق بوو و راست بوو هەرچیش کرا هەر وەها دەبێت حکومەت زۆر لەوانەی ئەمڕۆ کرا زیاتری بە خەڵك کردووە، ئەوانەی لە

کفریەوە دوورن ئەزانن بۆ چی کرا؟ با پێتان بڵێم، ئێمە خەڵکی ئەم شارە هەتا ڕژێم هەبوو، فێر بووین دەمانگووت ئەو دیو و ئەم دیو، لە بەر ئەوەی هەندێ شت هەبوو لەودیو هەرزان تر بوو هەتاوەکو ئەم دیو، ئێستا دوای ئەوەند لە رووخاندنی ڕژێم، ئەوەتا هەر وەکو جارانین، بەنزین لە دووزە حەیاتەکەی شانمان دوو هەزاری فەرقە لە گەڵ ئەوەی ئەم دیوی لای خۆمان، لە بەنزینخانەی کفری هەتا بەنزین دێت ئەبێت ئەوەندە سرە بگرێ هەتا روحت دێتە کونی لوت، بەڵام لە ئەو کارێزەی کە براکانی ئێمە پاسەوانی دەکەن وسەر بە کفریە لەرووی ئیداریەوە بەنزینخانەی هەمیشە پڕ لە تەنگەر شەقی تێهەڵدە هەیە، بە کەیفی خۆیشی دەیفرۆشێت، لە کفری ئەم تەمووز و ئابە 13 کاتژمێر کارەبامان هەبووە، بەم مەرجێك رازین بەوەی لە گەرماکەدا نەپچڕێت، لە نێوەڕۆی گەرمادا دەبڕا بە حساب بەرنامەیە، بەڵام لە سەعات چواری ئێوارە دێت یان سەعات یەکی شەو، ئەمەیش لە کاتێکدا یەك جلیکان بەنزین بۆ خەڵکی هەژاری مووچە سەدو پەنجا هەزار بە بیست هەزار دینارە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە مەسئوولن بڕواتان بێت یەك قەترە ناکڕن، ئەوەیشی دەڵێت وەها نییە، ئەو با بێتە بەردەم خەڵك ئەنجا ئەزانێ چی بێدەگوترێت، برادەرێك ووتی توخوا خوا قبوڵ ئەکات پۆلیسی تیدا بوو، منیش دەڵێم بەڵێ پۆلیس ئەزانی بۆ کردی چونکە ئێمە پۆلیسمان هەیە، لە فەرەتەپە دەوام دەکات بە 240 هەزار دینار و خاونی چوار مناڵ، کەچی کابرایەکی پۆلیسی دیالەی لە گەڵدایە وەکو ئەویش نییە دوو مناڵی هەیە، بەڵام 700 هەزار دینار وەرئەگرێ، باشە ئەمە دوو رووی نییە، بە مامۆستاکان دەڵێن مووچە سەرتاسەریە ئێمە ناتوانین یەك فلس دەستکاری بکەین، کەچی بۆ پۆلیسی شارەکەم سەرتاسەری نییە. گەنجێکی شارەکەم بە دەم فڕیدانی فانیلەکەیەوە هاواری دەرکرد پارکم دەوێت، مامۆستایەك یانەیەکی مامۆستایانم دەوێت، وەرزشوانێك هەموو کوردستان یاریزانەکانیان لە یاریگای چیمەن وجواندا یاری دەکەن کفری نەبێت بۆ یاریگاکەی من وەها نەبێت؟ ئەگەر سەیری ئەو کەناڵە تەلەفزیونیانە بکەین کە ژمارەی کۆدی شارەکان بڵاودەکەنەوە، ئەو کاتە بەزیت بە کفریدا دێتەوە لە هەموو قەزاکانی تری کوردستان دێرین ترە، بەڵام کۆدی تەلەفونی بە چاو نابینی، لەوەلایشەوە هەموو شوێنێکی تری تیدایە لەم کوردستانە. ئەویش لە بەر ئەوەی دیجیتاڵەکەی ئێمە دوای ئەوەی ووترا لە سەرەتایی ساڵدا تەواو ئەبێت، کەچی موزاهەریش کرا هەر تەواو نەبووە. ئەوەی کرا خۆپیشاندان بوو خەڵك کردی داوایان هەبوو، ئەگەر بەمشێوەیە بێت دووبارەیش دەبێتەوە، چونکە خەڵکی بەڵێنی دروستی دەوێت، حکومەت بڵێ ئەوەندە ئەتوانم لەو زیاتر ناکرێ، کە ئەڵێ ئەکرێ و نایکەیت ئەو کات، هەموو ئەوانەت پێدەگوترێت کە تۆ پێت ناخۆشە و لە بەرت گرانە و بەرد بارانیش دەکرێی. ئەوانەی کە باسم کردوو زۆری تریش هەیە کە وەهای کرد خۆپیشاندان بکرێ. ئەم بابەتەم نووسی تەنها بۆ روونکردنەوەی ئەو دوو پرسیارەی ناونیشانەکەی بوو. دەکرێ خەڵکی تریش باسی خۆیان هەبێت و بۆچوونی خۆیانیش هەبێت.